# تەقاندنەوەی مزگەوتەکان یان پەرتوکەکەی مەریوان
# کامیان جیهادی زیاتر پێدەوێت؟

قادر نادر

06/02/ 10

ماوەیەکە زۆرانبازیەکی خۆش دەستی پێکردوە لەنێوان بەرەی دەسەلات لەگەل قەلەم بەدەستان, ئەم شەرە جیاوازە لەگەل شەری ناوەخۆ , چونکە تاکە شەرە خێری بۆ ئەمرۆ و دوارۆژی کورد هەبێت .

هەر کە قەلەم بە دەستێک لەکوردستان ئازار دەدرێ یان خۆی لێ گڤ دەکەنەوە یەکسە ر زۆربەی شەرەکە لەنیشتمانەوە دەگوازرێتە وە بۆ هەندەران , لەوەتەی ئینتەرنێتیش بۆتە بەشێکی گرنگی خەبات کردن , دەسەلاتدار بەس دەتوانێت ئاخ وجگارە بکێشێ بەدیارئۆپزسیۆنەوە, رەوەندی کوردیش وەک کاسپیری لێهاتووە بەهیچ دەسەلاتێکی کوردی ناگیرێت.

پارتی د کەمالی گرت و زۆر بە خێرایی دادگایی کرد ( بریاریش وایە ئازادی بکات ), بۆیە (بەرو بەحر ) لەدەرەوە داوای ئازادبوونی دەکات تەنیا کۆفی ئەنان ماوە ؟ کەچی هەر بەم هەفتە نا ئەو هەفتە دلی زۆر دۆست و رەوەندی کوردی لەخۆی رەنجاندوە .

هەرلەم ماوەشدا یەکێتی هەلسا بە زیندانی کردنی بچوکترین رۆژنامەنووسی کورد (رێبین تەها)کە هێشتا (سن بلوغ الرشدی )تەواو نەکردوە ,دوای ئەوەی کاک رێبین مانی لە خواردن گرت سەرەنجام بە کەفالەت ئازادکرا.

ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لە دەسەلات نین بەلا م قوربەسەر ئەوەی بکەوێتە بەر غەزەبیان , لەمەدامرۆڤ هەزار رەحمەت بۆ پارتی و یەکێتی دەنێرێت.

نزیک بە3 مانگ لە مەوبەر کاک مەریوان هەلەبجەیی پەرتوکێکی چاپ کردوە بۆ سێیەم جاریش لە چاپی داوەتەوە, کفتایی دلی خۆی کوشتوە , تازە بە تازە ئیسلامیەکان بە خەبەر هاتوون!؟

مەریوان هەلەبجەیی بەیەک قەلەم توانیویەتی سەرجەم مزگەوتەکان, حزبە ئیسلامیەکان , رێکخراوە جەماوەریەکانیان وەکەنالەکانی راگەیاندنیان هەراسان بکات, هەر بۆیەش پرسیارەک لە برا موسلمانەکان دە کەم ئایا بەهەمووتان خوێندەوارێکتان تیانیە وەلامی بدەنەوە و چەند دێرێکی لە سەر بنووسن و بلێن ئەو زانیاریانە لەسەرچاوەی رەسەنەوە وەرنەگیراوە ؟

باشە ئەمە چۆن دەبێت سەرچاوەی ئەو پەرتوکانەی مەریوان سوودی لێ وەرگرتوە نیوەتان پێراست بێت , نیوەشتان پێ هەلە بێت , ئەمە پرسیار هێنانەوەی بە کەلۆریا نیە راست و چەپ لە م پرسیارانەی خوارەوە بدەن ؟ تێمان بگەیەنن ابن ئەسیرو مامە تەبەر ی هەموو قسەکانیان راستە یان هەلەیە؟

دواتر بۆ نەتان توانی لە15 سالی رابردودا رۆژێک مۆرەیەک چاو سورکردنەوەیەک لەو سەدان ئەنفالچیانە بکەن کەبەپێش سوپای کافری سەدام کەوتبون و مزگەوتەکانیان دەتەقاندەوە و پەرەکانی قورئانیان دەسووتاند ,یان دیارە ئەوا نە کورسیان هەیەوسمێلیان زلە و چەک لەشانن !؟

بەویژدان بن برا موسلمانەکان مزگەوت تەقاندنەوە گوناح و جیهادی زیاترپێ دەوێت یا ن پەرتوکەکەی مەریوا هەلەبجەیی.

**نوکتە خۆشەکەش لای ئیدارەی سلێمانیە وەزیرێک بۆی چاپ دەکات وەزیرەکەی تریش سوێند بەیاساکانی بەعس دەخوات دادگایی دەکات.**